مەکتەبی سیاسی پارتی: هەوەرجی هەرەم وا دەخوازێ بۆ هەموو لایەکمان هەوڵ بۆ پاراستنی ئۆو ئەزموونە بدەین



مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان (71)یەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان پیرۆز دەکات.

لەو پەیامەکدا مەکتەبی سیاسی پارتی کە ئاراستەی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەنجوومەنی باڵای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان.کراوە، تیایدا راگەیاندراوە، ئەمڕۆ (71)ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان تێدەپەڕێت، ئۆو ڕێکخراوەی بۆ بەیار و ڕێنمایی(بارزانیی نەمر) لە (11/ 12/1952) دامەزرا، دامەزراندنی ئۆو ڕێکخراوە وەرچەرخانێکی دیار و گرنگ بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان و تێکۆشانی نەپساوەی ڕێکخراوەکانی گەلەکەمان بۆ گشتی و ئافرەتان بۆ تایبەتی.

مەکتەبی سیاسی پارتی ئاماژەی بەوەشکردووە، یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، بزووتنەوەیەکی مۆژوویی و کاریگەر و گرنگی گەلەکەمانە و یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی توخزی ئافرەتان، کە ڕۆڵ و سەنگی کاریگەری هەبووە لە قۆناخە جیاجیاکانی تێکۆشانی نیشتیمانی و نەتەوەییماندا.

هەروەها راشگەیاندراوەی، لە لایەکی دیکەوە ئەو هێرشکراوە بە درێژایی تەمەنی شکۆداری خۆی قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی ئافرەتانی لە خەبردوو و تێکۆشەر و دڵسۆز و سەرکردە بووە، بەمەش خزمەتێکی بە پایانی خەباتی مەدەنیانە و پەروەردەیی و هێشبیریی لە کوردستاندا کردووە.

مەکتەبی سیاسی پارتی راشیدەگەیەنێت، یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لەو کاروانەی تەمەنی خۆی هەمیشە هێکخراوەکی پشتنگ و بوێر بووە بە خستنەڕووی خواست و ویستی ئافرەتان و دەستبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پشکۆتنی کۆمەڵایەتی و گشتپێدانی هۆشیاریی و هزری نەتەوەیی و نشتیمانی و لەو هێگایشدا قوربانی زۆری بەخشیوە، بەیە هەمیشە مایەی شانازی و سەرفرازی گەلەکەمانن.

هەروەها راگەیاندراوەی، یەکێتیی ئافرەتان بە پێی کار و ئەرک و پلان و پرەنسیپ و پێیامی ڕاست و دروستی خۆی توانیویەتی بە شانازییەوە دەستکەوتی مەزن لە هەموو بوارەکاندا بە تۆڕی ئافرەتان دەستبەر بکات، هەروەها لە هەموو کایەکانی ژیان و جومگە گرنگ و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و ناوەندەکانی بیاردا هێی شیاوی خۆیان ببینن بە داکێکیکردن لەو ئەزموونە و پرسی بونیاتنان و ئاوەدانکردنەوەدا.

مەکتەبی سیاسی پارتی راشیگەیاندووەی، ئەمە هەلومەرجی هەرێمی کوردستان و ئەو بارودۆخی لە ئاراداێ وا دەخوازێ بە هەموو لایەک و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکەمان لەسەر ئاستی سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەوە، بەرپرسانە و دڵسۆزانە هەوڵ بە پاراستنی ئەو ئەزموونە و سەقامگیریی و ئارامی و دەسکەوتەکانی بدەن.
هەروەها لەو بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا ئاماژەی بەوەشکراوەی، یادکردنەوەی ئەم بیرەوەرییە کە هاوکات لەگەڵ هەنگاوەکانی بەستنی نیەمین کۆنگرەی هێکخراوەکەتان، وەک ای پیرۆزبایی گەرمەمان و دووپاتکردنەوەی پاپشتی بەردەوامی پارتیمان بە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، ئومێدەوارین دەسزانە و بەرپرسانە هەوڵی سەرخستنی کۆنگرە و نوێکردنەوە و پشخستنی ئەو هێکخراوە گرنگە بدەن و، بیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکەتان لەئاست گەیانکاریەکان و پێداویستیەکانی قۆناغێکە و خواست و ویستی سەرجەم ئافرەتانی کوردستاندا بن. هیواداریین بە هەمیشە لە ئاست ئەو کار و ئەرک و پێیامە پیرۆزەتان بن بە داکێکیکردن لە مافە هێواکانتان.
لەو کۆتاییدا راگەیاندراوەی، بەرزو پیرۆز بێت ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان،سەاو و دروود بە گیانی پاک و بگەردی شەهیدانی ئەو کاروانە شکۆداری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی کوردستان..